السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بە درێژایی ڕۆژ خۆی دەتلاندەوە (لە برسێتیدا)، (تەنانەت) خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەو خۆشیانەی کرد کە خەڵکی بەدەستیان هێنا لە شتومەکی دونیادا پاشان ووتی: «پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بە درێژایی ڕۆژ خۆی دەتلاندەوە (لە برسێتیدا)، (تەنانەت) خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەو خۆشیانە دەکات کە خەڵکی بەدەستیان هێنا لە شتومەکی دونیا ودەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمەکان) پاش ئەوەی خوای گەورە سەرکەوتنی پێیان بەخشی بەهۆی هەڵمەتی ڕزگارکردنەکان (غەزاکان)، پاشان ووتی: (پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بە درێژایی ڕۆژ خۆی دەتلاندەوە -لە برسێتیدا-، -تەنانەت- خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بۆئەوەی گەدەی پێ پڕ بکاتەوە): واتا جاری وا هەبوو هەندێک شتی وەکو بەردی دەبەست بە سکیەوە وتەنانەت خورمایەکی بێسوودیشی دەستندەکەوت کە بیخوات بۆئەوەی برسێتیەکەی نەمێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4244

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee